# هەرکەسێک مسوڵمانێک ئازاد بکات، خوای گەورە بەرامبەر هەر ئەندامێکی ئەو؛ ئەندامێکی ڕزگار دەکات لە دۆزەخ

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک مسوڵمانێک ئازاد بکات (لە بەندە -کۆیلە- بوون)، خوای گەورە بەرامبەر هەر ئەندامێکی ئەو (بەندەیە)؛ ئەندامێکی (ئەو مسوڵمانەی ئازادی کردووە) ڕزگار دەکات لە دۆزەخ».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەزڵ وپاداشتی ئازادکردنی بەندەکان -کۆیلەکان- لە کۆیلایەتی ڕووندەکاتەوە، ئەمە یەکێکە لە باشترین پەرستنەکان وگەورەترین هۆکارەکان بۆ نزیکبوونەوە لە خوای گەورە، وهۆکارە بۆ ڕزگار بوون لە ئاگری دۆزەخ، ئەگەر ئەم کەسە لە پێناو خوای گەورە ئەو بەندە -کۆیلە- ڕزگار بکات، پاداشتەکەی ئەوەیە کە خوای گەورە ئەو چاکەکارە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار بکات، چونکە پاداشت لە ڕەگەزی کردەوەکانە، چونکە بەندەیەکی مسوڵمانی ڕزگارکرد لە ناڕەحەتی بۆیە خوای گەورە ئەم چاکەکارەی پاداشت دایەوە بەوەی لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری بکات، ئەمیش -خودا زاناترە- چونکە بەندە -کۆیلە- ئازاد نییە لە هەر کردەوەیەک ئەنجامی بدات، هەروەکو ئەوە وایە بوونی نەبێت چونکە ئازاد نییە لە کردەوەکانیدا، بۆیە ئازاد کردنی وەکو ڕزگارکردنیەتی لە نەبوونەوە بۆ بوون، وهەروەها ئازادکردنی لە ناڕەحەتی وزیانەکانی کۆیلایەتی دەیپارێزێت، وخاوەنی خۆی دەبێت ودەتوانێت سوود بە خۆی بگەیەنێت وحوکمە شەرعییەکان جێبەجی بکات وکاروباری ژیانی بەڕێوە ببات بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت وهەڵیدەبژێرێت لە سنووری شەریعەتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64703

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee